# سەرکۆمارنامە

9

حەمەسەعید حەسەن
وەرگری خەلاتی ئاراس

جاران زوو زوو ئەو قەوانەمان دەبیست کە گوایە، ئەو مۆدێلی دیموکراتییەی لە کوردستاندا پێڕەو دەکرێت، شیاوی ئەوەیە لە عێراق و ناوچەکەشدا وەک نموونەی بالا لەبەر چاو بگیرێت، کەچی ئەوە ماوەیەکە هاوکێشەکە پێچەوانە بووەتەوە و سەرکۆمار دەخوازێت مۆدێلی عێراق، کە بە ڕاستی مۆدێلێکی بێ هاوتایە، ئاخر لە دنیادا لە نموونەی نییە و ئەوی لوبنان بە تۆزی پێیدا ناگات، لە هەرێمی کوردستانیشدا ڕەچاو بکرێت.

سەرکۆماری عێراق کە کوردە دوو جێگرەکەی، یەکێکیان شیعەیە و ئەوی دیکەیان سوننە، کەواتە سەرۆکی هەرێم کە کورد دەبێت، پێویستە دوو جێگرەکەی یەکێکیان عەرەبی ڕەسەن و ئەوی دیکەیان تورکمان بێت! یان سەرۆکی هەرێم ئەگەر نەقشی بوو، دەبێت جێگرێکی قادری بێت و ئەوی دیکەی ئاشووری! پێویستە سەرەکوەزیرانیش سێ جێگری هەبێت، ئێزدییەک و تورکمانێک و کلدانییەک. سەرۆکی پەرلەمانیش خۆ دوو جێگری هەر پێویست دەبێت، هەقەیەک و شەبەکێک! یاخود دەتوانین پۆستە سەرەکییەکان و جێگرەکانیان لەبەر ڕۆشنایی ئەو دیالێکتانەدا دابەش بکەین کە کورد پێی دەپەیڤن! بۆ نموونە ئەگەر سەرۆکی هەرێم بادینی بوو، جێگری یەکەمی سۆرانی بێت و ئەوی دووەمی هەورامی. ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان سوننەیەکی سۆرانی بوو، بۆ ئەوەی بە بەردێک دوو ڕیشۆڵە بپێکین، پێویستەجێگرەکەی فەیلییەک بێت کە شیعەشە.

پێش ڕاپەڕین لە هەرێمی کوردستاندا، دیکتاتۆریای تاکپارتی سەروەر بوو، لە دوای ڕاپەڕینەوە دیکتاتۆریای جووتپارتی زاڵە. ئەوە ئێوە بۆچی هەمیشە بیرتان تەنیا لای پارتی و یەکیەتییە؟ ئەوە نییە من دەتوانم درێژە بەم پێشنیارانە بدەم، بێ ئەوەی پێویستم بە ناوهێنانی هیچ کام لەو دوو لایەنە هەبێت؟ لە ئەنجوومەنی وەزیرانی داهاتووی هەرێمدا، هەر بۆ نموونە، ئەگەر وەزیری پەروەردە قەرەفایل بوو، پێویستە جێگرەکەی فایلسپی بێت. ئەگەر وەزیری پێشمەرگە، قارەمانێکی سەرسەختی شەڕی نێوخۆ بوو، پێویستە جێگرەکەی ناوبژیوانێکی سنگفراوان بێت.

لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەسانێکی زۆر هەن، بڕوایان بە هیچ ئایینێک نییە، پێویستە ئەوانەش فەرامۆش نەکرێن، بۆیە ئەگەر وەزیری ئەوقاف بڕوادار بوو، بۆ ئەوەی بێبڕوایان غەدریان لێ نەکرێت، پێویستە جێگرەکەی بێبڕوا بێت. ئەگەر وەزیری هوندور خەڵکی شەنگال بوو، با جێگرەکەی خەڵکی خانەقین بێت، بۆ ئەوەی هەر لەمپەڕی باکووری هەرێمەوە تا ئەوپەڕی باشووری، لە بندەستی خۆیاندا بێت و هیچ هاووڵاتییەک لەژێر دەستیان دەرباز نەبێت.

ئەوە ئەوپەڕی ڕاسیزمە، پۆستەکان لەبەر ڕۆشنایی مەزهەب و ڕەگەزدا دابەش بکرێن! لە ئەورووپا و ئەمریکا، ئەگەر کەسێک بانگەشە بۆ ئەو مودێلەی عێراق بکات، دەستبەجێ بە گوێرەی یاسا، بە تۆمەتی بانگەشە بۆ ڕاسیزم کردن، بە دادگا دەدرێت. لە سوێد کۆمەڵێک ویستیان حیزبێک بۆ بێگانە پێکەوە بنێن، نەک هەر کەس بە دەنگیانەوە نەچوو، بەڵکوو بوون بە پەندیش. ئینسان پێویستە لەبەر لێهاتوویی، نەک لە سۆنگەی هیچ فاکتەرێکی دیکەوە، بەم پۆست یان ئەوی دیکە بگات. لە وڵاتێکدا باسێک لە دیموکراتی هەبێت، حیزب تەنیا لێهاتوویی دەکاتە پێوانە بۆ ئەوەی کام ئەندامی دەبێتە پەرلەمانتێر و کامیان بە وەزیر. تەنانەت خوای گەورە کە لە هیچ بوارێکدا دیموکرات نەبووە، (ئاخر دیموکراتی و ئیسلام کوجا مەرحەبا!) دەفەرموێت، بە ڕیش نییە، بە ئیشە. (١)

مادام هاتینە سەر باسی ئیسلام، دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت، خۆ ئێمە لە شیعە و سوننە کەمتر نین، تا پێویستمان بە مەرجەعی باڵا نەبێت. دەبێت وەک چۆن سیستانی مەرجەعی باڵای شیعەیە و شێخ حارسی زاری، هی سوننەیە، مەلا بەشیریش مەرجەعی باڵای ئێمە بێت. بۆیە مەلا بەشیر پەسەند دەکەم، چونکە:

(١) بەشیر لە بوشراوە هاتووە و بە مانای مژدەبەخش دێت.

(٢) دەنگی لە هەموو مەلاکانی دیکەی پایتەختی هەرێم دلێرترە.

(٣) هەر ئەوی دەنگدلێر، شیاوی ئەوەیە لە خوتبەی هەینیی داهاتوودا، مژدەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارەکە، بە گوێی موسڵماناندا بدات.

ئەگەر مەلا بەشیر کرا بە مەرجەعی باڵا، با هیچ نەبێت یەکێک لە جێگرەکانی جولەکە بێت، ئاخر جوولەکە زۆر لە موسڵمان زیرەکترن و پێم وایە بێ کۆمەکی وان، ئیشمان بە باشی نەڕوات. با فێر ببین، بێ بەڵگە قسە فڕێ نەدەین! ئایا لە هەموو دنیای ئیسلامدا چوار بلیمەتی وەک، مارکس، ئەنیشتاین، داروین و فرۆید کە هەر چواریان جوولەکە بوون، هەڵکەوتووە؟ ئایا لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە، لە نێو ئیسلامدا چوار بیرمەندی گەورەی وەک سپینۆزا، هۆسرل، سارتەر و درێدا کە دیسان هەر چواریان جوولەکە بوون، هەڵبکەوێت؟ لە سەدەی ڕابردوودا، لە نێو هەموو وڵاتانی عەرەبدا یەک بیرمەند هەڵکەوت، کە عەبدولڕەحمان بەدەوی بوو، ئەویش لە لاساییکەرەوەیەکی ‹سارتەر›ی جوولەکە بترازێت، هیچی دیکە نەبوو.

2005. 05. 28

(١) إن اکرمکم عند الله اتقاکم.

* لە ئەڵقەی (١٠)دا کە وای بۆ دەچم، لە هەموو ئەڵقەکانی پێشووی ئەم زنجیرە گوتارە بەهێزتر دەبێت، لە ڕوانگەی سەرۆکی داهاتووی هەرێمەوە، باسی سەرکۆماری ئێستای عێراقتان بۆ دەکەم، تکایە بە پەرۆشەوە چاوەڕێ بن!